# (سەرەتای گفت) بونی چیاکانمانی
# لە نەمساوە بۆ قاهیرە لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو



**یوسف ئەلعانی**

(١)

لە فێستیڤاڵی حەڤدەهەمی قاهیرەی نێودەوڵەتی (٢٠-٣٠ئەیلولی ٢٠٠٥) بۆ شانۆی ئەزموونگەریی، ژمارەی شانۆگەرییەکان لە (١٥٠) نمایش تێپەڕی کرد.. وەك هەمیشە ئەو نمایشانە بە سەر هەموو شانۆکانی قاهیرە دابەش کرابوون، رۆژانە ژمارەی نمایشەکان دەگەیشتنە (١٠) نمایش و هەندێکیان دەچوونە نێو –پێشبڕکێ- و هەندێکی دیکە تەنها بۆ جەماوەر پێشکەش دەکران، ئەوەو وێڕای کردنەوەی پانتاییەك بۆ گفتوگۆ کردن لە لایەن بینەرو رەخنەگرانەوە لە سەر ئەو نمایشانە، ئەو کۆڕە فیکریانەش بەرێوە دەچوون، کە شان بە شانی ئەو نمایشانە پێشکەش دەکران. بەشداریکردن لە ڤیستیڤاڵا هەمیشەو بە تایبەتی لەو ڤیستیڤاڵەدا تەواوی دەوڵەتە جیاوازەکانی دەگرێتەوە، کە لە رێگەی تیپەکانیان ئەزموونی جیاوازی خۆیان بنوێنن، هەر دەبێت وابێت، واتە لێرەدا ڤیستیڤاڵا تایبەتمەندی (ئەزموون)ی تێدا دەبینرێت، کە بەراستی لەگەڵا ئامانجی ئەو فیستیڤاڵەی قاهیرە دەگونجا. من لە نمایشکەران نەبووم، یان ئەوانەی لە هەڵسێنگەران دەژمێردرێن، بەڵکو وەك دەستەی تەحکیم و جیاکەرەوەی ئەو کارانە بووین، کە بە توانای خۆیان شایانی خەڵاتی ڤیستیڤاڵن، بە پێی ئەوەش

شانۆیی عیراقی یەکێك لەو شانۆگەرییانە بوو، کە بە توانای خۆی لە نمایشی (حرق البنفسج)ی تیپی نەتەوەیی و دەرهێنانی (حیدر منعشر) خەڵاتی سینۆگرافیای بەدەست هێنا. بەڵام ئەوەی دڵخۆش و ناخۆشی کردین لە هەمان کاتدا، دیتنی ئەو کوڕ و کچە لاوە هونەرمەندە عیراقییەی کوردستانی عیراق بوو، کە من نازانم لە ماوەی ئەو هەموو کاتە لە کوێ بوون و بۆ من نەمدیوون..

(نیگار حەسیب) لاوێکە، من لە کۆلێژی هونەری بەغدا ناسیبووم، کە هەتا ئێستاش هەر گەنجە، هەروەها (شەماڵ عومەر) ئەو گەنجە هێمنەی کە زیرەکی لە چاوە بریسکەدارەکانیدا دەخوێنیەوە، لەو ئاسۆیەدا بە دوای شتی نوێدا دەگەڕێت تاکو بیقۆزێتەوەو یارییەکی پیشەگەری داهێنەرانەی لە تەکدا بکات، تا فەزایەکی نوێ بۆ دەربڕین بە زمانی جەستە و دەنگی ئەفسونکارانەی هاوڕێکەی و ژنە-دڵرفێنەکەی- نیگار بدۆزێتەوە.

ئەوەی کە من ناسیمو رایچلەکاندم بە هەردوو دیوە خۆش



و ناخۆشەکەی- ئەوە بوو کە (شەماڵ) و (نیگار) لەگەڵ ئەو کچە نەمساوییە (ئەلیس مورتگ) یەکێك لە نمایشەکانی ڤیستیڤاڵیان پێشکەش کرد، ئەو نمایشەی ئەوان هەڵگری جیاکاریو تایبەتمەندییەك بوو، کە سەرەتا نامۆ دەکەوتەوە، بەڵام دواتر لە پاش دیتنی دەیخستیە نێو پتەویو قوڵایی چەمکی داهێنەرێکی ئەزموونگەرا، کە زمانی جەستە و یادەوەری دەنگی بە یەکەوە کۆ کردبۆوە، شەماڵ عومەر ناوی دەرهێنەر و بەشدارکاری (سەرەتای گفت) لابۆری لالشی بۆ کاری شانۆی نەمساوی پێشکەش کردین...


کەواتە ئەو -دوو هونەرمەندە- بۆنی چیاوو رەنگی دەشتی سەوزییان لەگەڵا خۆ هەڵگرتبوو.. لێرە —نەمسا-ئەوانی پێشکەش کرد، یان ئەوان —نەمسا- و شانۆیەکەیان پێشکەش دەکرد.. بە وشەیەکی وردتر..ئەوە ئەو بەشە بوو، کە دەبووە جێگەی داخ.. دانیشتبوومو هەر چێژم لێدەدیتو بە سەرسامی لێی ورد دەبوومەوەو شانازیم بەو ئەزموونە شیرینو جوانە دەکرد، ئەو کچە نەمساوییەی لەگەڵیان بوو هەندێك جار —وێنەکەی تەواو دەکرد- هەروەها نەوایەکی نزیك یان دووری لە دەنگ دەخستەسەر.

دوای دیتنی نمایشەکە دکتۆر —عەقیل- گوتی دوای دیتنی نمایشەکە، کاتێك بۆ جاری دووەم دووبارەی دەکەمەوەو لەگەڵا ئەو جۆشو خرۆشەی بینەراندا ناتوانین لە نمایشی یەکەم ئامادە بینەوە: ئایا دوو عیراقیو ئەکتەرێکی نەمساوی لە (بنکەی ئیبداعی هونەری) نمایشێك پێشکەش دەکەن کە ئۆپێرای تێدایە، هەڵگری حەساسیەتێکی ئیستێتیکیو رۆحی شیعرو لیریکیەکی ئەوەندە بەرزە؟ کەواتە هەر دەبێت ئەو ئەزموونە جوانە بەختی لەو بە یەکگەیشتنە هێمنەدا هەبێت، ئەزموونێك کە دواتر چنینی داوەکانی لە لابۆری-لالش- بۆ کاری شانۆ بە ناوی نەمسا تەواو کردووە.

نمایشی (سەرەتای گفت) شایانی قسەکردنێکی بێ کۆتاییە، ئەگەر دەتەوێت جەخت لە هەموو لایەکانی بکەیت، ئەو نمایشە دەمخاتە نێو کۆمەڵێك تێزی ئەوەندە بەرفرەوان کە هیچ مەجالێکی بۆ نییە، دەمخاتە نێو پەڵەیەك لە تیشك، کە دەمەوێت بە خاکەرایی دەستی بە سەردا بگرم سەرسامیەکی قوڵا قوڵا دەمخرۆشێنێت... بە درێژایی نمایشەکە (نیگار حەسیب) بە گۆرانیە سەرسامکەرەکەی بێ سنوور دەنگی لێهەڵدەبڕی، وەك سیحر دەرژا، نەك هەر تەنها لە رێگەی دەنگەوە، بەڵکو لە رێگەی دواندنی دڵو رۆحەوە... تەنها دەنگە دەگمەنو داهێنەرەکان شانیان لە شانی ئەو دەدا.

لەگــەڵا ئەو گۆرانییەدا رەنگ لە تەعبیرکردنو ئیحساســی دەرژا، هەندێــك جــار لە لوتکەی چیــا دای دەناین، کە لەوێ دەتوانی لەگەڵا ئاســمانی بەرز بدوێیت، میهری لێدەرژا هەروەها لەوێ دەتوانیت سەیری دەشتیش بکەیت، بە بوێری و سەرسەختیو جوامێری دەنگی هەڵدەبڕی، تاکو ئەوەی لایەتی بیگێڕێتەوە..

ئای خوایە ئەو رۆژەی ئەو نمایشەم دیت، چەند بە عیراقیبوونی خۆم سەربەرز بووم، لە میانی ئەو دەسلەملانە سۆزاوییەی نێوان دەنگی نیشــتمانو کۆکردنەوەی باکورو باشــور وەك هونەرێکی سەرسوڕهێنەر، هەروەها توانیبووی لەگەڵا خۆی ئەو تێکەڵبوونە لە بزاوتێکی گرانو ئاساندا لە یەککاتدا بە یەکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەی دەربڕینی زمان تەجاوزی سنووری وشەکان بکات، بۆ ئەوەی وێنەیەك بکێشێت لە میانیەوە مرۆڤی داهێنەر خۆی بگێڕێتەوە... زمانێك کە لە مێشکی سەرسامکەرانیو بینەرانیدا رەنگدانەوەی ماوەتــەوە... (نیگار)یش لەو وێنەیــەدا رەنگێکی هەڵگرتبوو رەنگێك تەجاوزی هەستە ســەیرەکانمانی دەکرد، بە شێوەیەك کە



وەسف ناکرێت..!

خۆزگە ئەوە پەڵەیەك بێت لە تیشــك وەك ئەمەکێکی من بۆ شــەمال و نیگار و ئەلیــس، هەموو ئەوانەی لــە دوورو نزیك بەشــدارییان کردووە... هیوادارم ئەو ئەزموونە زێتر قوڵا بێتەوەو بەرفرەوان بێت، جێگەیەکی پڕشنگداری لە عیراقی خۆشەویستماندا هەبێت.

(٢)

لــە بازنەی ئەو رۆشــناییەی کە لە پێشــەوە خوێندمانەوە.. دیدێك لە دەرەوەی نمایشــی شانۆییەوە..تەعبیری لە هەستەکانی ئێمــەو ئەو ئاماژەیە دەکرد کە هونەرمەند (شــەماڵ عومەر)و (نیگار حەسیب)و هاوڕێ نەمساویەکەیان (ئەلیس) لە ئێمەیاندا جێهێشــت بوو... بۆ ئەوەی سروشتو پرنســیبەکانی ئەو کارە بە هەمــوو تایبەتمەندی میتۆدییەکانیەوە بناســین، پێویســتە لە رێگەی چۆنیو بۆچی دروســتکەرەکەیو چۆنێتی ســەیرکردنی ئەوەی کە پێشکەشیان کردووە بچینە ناوییەوە، هەروەها بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا پێویستە ئەو لابۆرە بناسین کە لە بواری تیۆرییو بەجێگەیاندن، بۆچوونی ئەوانی تێدا چرۆی کردووە..

لە ســەرەتا لای خۆیان جەختیان لە گرنگی دەنگ دەکردەوە.. ئــەوان وەك دەڵێــن: (لە لابــۆری لالش بەهــای دەنگ وەك بوونەوەرێکــی زیندوو وایە، ئامانجیش ئــەوە نییە کە گوتراوی بیســتراوو بەیەکگەیاندن بگوازینەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە..ئەو لــە بارەی خۆیەوە دەدوا، هەروەها هەوڵیان دەدا بگەنە ئەژدیهای کڕ کەوتوو ناخی جەستەمان).

دەنگ بۆ جەستە، چاوگو دینامیکیەتو پاڵنەرە ، گۆرانیش هەر تەنها گۆرانی نییە، بەڵکو کردەیە، یان هەندێك جار نوێنەرایەتی رووداو دەکات، نەك هێندە بەڵکو بۆ خۆی دەبێتە خودی رووداو.. دەنگــو گۆرانی چوونە قولایی دەقی درامی نییە، بەڵکو هەوڵ دەدەن لەو رێگەیەوە تەجاوزی ئیشکالیەتە کۆنەکان بکەن..

دەنــگ لای ئێمە ئەوە نییە کە لە ئۆپێراوو تەکنیکە نوێیەکان بەجێدەهێنرێت، بەڵکــو کارپێکردنــو تەوزیفکردنێکی دیکەیە. دەنگ چاوگی بنەڕەتیە خۆی وێنە دروســت دەکات..جۆرێکە لە گۆرانی.. گۆرانی گوتنیش بە لای ئێمە رێگەی جۆراوجۆرو رەنگاورەنگی هەیەو کۆمەڵە دەقێکی خودییە.. (نیگار حەسیب) دەڵێت: مرۆ هەمیشە سەیر دەکات چی لە پێشە..من سەیر ناکەم چیم لە پشتە، بەڵام دەنگ لە فەزاوە دەبیسم.. گرنگی زۆر بەو مەسەلەیە دەدەم، من مانای گۆرانی لە رێگەی هەستەوە تەرجەمە ناکەم، هەروەها هەوڵا نادەم خەم لە توێی وشەدا تەرجەمە بکەم..

بەڵام هەست بە نەغمەکانی دەکەم. هەندێك جار (نیگار) ئاماژەی تایبەت بەخۆی دەنێرێت-شەماڵ عومەر- دەڵێت بەڵام جەماوەر بە شێوەی جۆراوجۆر وەریدەگرێت..(شەماڵ) جیایە لە کەسێکی دیکەو شانۆش وەك چالاکی ئیبداعی مرۆیی لای ئەو بوارێکە بۆ گۆڕانو بەدواداگەڕان لە سێ ئاستدا:

یەکەم: لە ڕێگەی نواندنەوە، لە تاقیگەکەماندا بەرەو سەربەخۆیی ئەکتەر هەنگاو دەنێین، بۆ ئەوەی لە بەجێگەیاندندا ئازاد بێت.

دووەم: شانۆی ئەزمونگەری هاوچەرخ لە ڕێگەی دەرهاوێشتەی دەلالەتەکانی دیکەوە لە بوونەرێکی کاراوە دەگۆڕێت بۆ بەشێك لە پرۆسەی ئیبداعی.

سێیەم: ئەو گۆڕانە دەلالەتی دیکەی هەیە، کە پێی گەیشتووین..ئەو گۆڕانەی کە بوونەوەرێکی زیندوو پێی هەڵدەسێت لە پێناو هێنانە کایەی بەرزترین ئاست لە هێز، وەك مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ چێژ وەرگرتن لە خود، لێرەوە ئەو بکەرە ڕاست دەبێتەوەو هیچ شتێك لە دەرەوەی خودی خۆی ناخاتە روو.. لە بەرامبەر ئەوەشدا دەیانەوێت بینەر کردەی مرۆیانەی خۆی بەجێبهێنێت.

لابۆرەکەمان -لالش- هەڵبژاردنی ویستگەرایانە دەبزوێنێت.. ویستگەرایی بە منی (دەرهێنەر) وەك ئەوەی کە ناونراوم دەبەخشێت، من ناو لە خۆم دەنێم —چاودێر- ئەوە ئازادیم زێتر پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی ون بم، بەڵام نەك تەنها لە میانی شتە جوانەکاندا، بەڵکو لە میانی شتە خەمگینەکانیشدا..کەوایە لێرە دەرفەتێك بۆ بێدەنگی نییە، بەردەوام یادەوەری ئامادەیە.

جیاوازی نێوان لابۆری لالشو شانۆی خۆرئاوایی، خۆی لە دوا بەکارهێنانی جەستە لە زەمانو مەکاندا حەشاردراوە.. من نە بایی دەبمو نە لە نمایشدا خۆم ناچار دەکەم، بەڵکو چاودێری پێداویستیەکانی بەیەکگەیشتنی نێوان خۆمو زەوی دەکەم، هەروەها من (ئەکتەر) بە بەرزتر تەماشا ناکەم، بەڵکو دەمەوێت لە میانی جێگەیەکی دیاریکراوو حاڵەتێکی تەکنیکی تەواو مرۆڤێك ببینم.

گفتوگۆی نێوان بەشەکانی جەستەمو.. نەغمەکان وەك جەستە وام لێدەکەن کە وەڵامم بۆیان هەبێت، لێرەدا گۆرانی کارو کردەیە، بۆیە هەندێك جار من دادەنیشمو گۆرانی دەڵێمو جەستەم ئازاد دەکەم.. دەنگو گۆرانی هەردووکیان چاوگی جولەن.. بەڵام لە بارەی بەشداری جەماوەر لە کارەکاندا هەڵبەتە بوونی هەیە چونکە کاتێك ئێمە ئەزموونێك بە گۆرانی درێژو نەغمەی جۆراوجۆرەوە پێشکەش دەکەین نیوەی جەماوەر زیاد لە (١٠) دەقیقە ئەو نەغمانە دەڵێنەوە..

ئەوە بۆچوونێکی کورت بوو لە سەر لابۆری لالش کە تەبەنی ئەو نمایشەی کردبوو، بە قوڵی لە لایەن هونەرمەندی لاوی عیراقی (شەماڵ عومەر)و (نیگار حەسیب) تێگەیشتنێکی تەواو وردی بۆ کرابوو، بەڵام (ئەلیس) ئەو کچە نەمساوییە بۆچوونی خۆی بۆ ئەو لابۆرە وا کورت کردەوەو جەختی لە سەر ڕاهێنانە دەنگیەکان کردەوە، ئەو ڕاهێنانانەی کە لە (نیگار)ەوە فێری ببوو، هەوڵی دابوو لە ڕێگەیەوە بۆ ئەو ڕەگو ریشە قوڵانەی ناخی خۆی بگەڕێتەوە، تاکو ئەو نەغمان بێنە دەرەوەو گفتوگۆ لە بارەی هەموو تەگەرە جەستەییو دەنگییەوە بکەن. من وەك مرۆڤ بە هەموو توانامەوە بە بێ ئەوەی لە دەرەوە شتێك هەبێت بمبزوێنێت لەو کارەدا هەستم کرد وەك کردەیەکی ویستگەرایانە بەرەو ئەسالەتی خۆمو ئازادی پرۆسیسەکردنی خودی خۆم دەگەڕێمەوە.. بەردەوام ئەو کارەش لەگەڵا شەماڵو نیگار وزەیەکی مرۆڤایەتی گەورەی پێدەبەخشیم، ئەوە ئەو ئەزموونەی (سەرەتای گفت) بوو لە ناوەوەی هەستەکانماندا، وەك جاری پێشوو بۆنی چیاکانی عیراقم بەرز ڕاگرت بەو شێوەیە هەستە مرۆییەکانی رابردووی لە نەمساوە لەگەڵا خۆ هەڵگرتبوو.

**وەرگێرانی: عەبدولموتەلیب عەبدوللا**

# "لاَبۆری شانۆی لالش"

## له فیستیڤاڵی شانۆی نێونه ته وه یی قاهیره و قرتاج و کریتا دا

•لاَبۆری شانۆی لاَلش/سه نته ری توێژینه وه ی شانۆ و پێرفۆرمانسی کلتوریی، تایبه ت به هه ردوو هونه رمه ندی ئه زمونکاری کورد (نیگار حه سیب قه ره دا غی و شه ماڵ عمر) له نه مسا جارێکی تر یش به ئه زموونێکی نوێ وه) سه ره تای گفت (تایبه ت به پرۆژه ی ٢٠٠٤/٢٠٠٥ ی پرۆ سه ی (ده نگ وه کو سه رچاوه (به سه ر که و تنێکی گه وره و له به رچاو بوونه وه میوانی (فیستیڤاڵی نێونه ته وه یی بۆ شانۆی ئه زموونگه ری له قاهیره له ڕۆژانی ٣٠-٢٠ی مانگی نۆی ٢٠٠٥ ).

شایانی باسه له خولی هه ڤده هه مینی ئه م فیستیڤاڵه شدا ٤٨ وولاَت له سه رتا پای جیهانه وه به شداری ئه م فیستیڤاڵه بوون. بۆجارێکی تر یش ئه زموونی لاَبۆری شانۆی لاَلش بووه جێگه ی سه رسوورمان و پرسیار وگفتوگۆی نێوان ئاماده بووانی فیستیڤاڵه که و به ئه زموونێکی ئه ڵته رناتیڤی خاوه ن ڕێ و شوێنی داهێنه رانه ی تایبه ت به خۆی ئاماژه ی پێدرا. ئه و هونه رمه ند و ڕه خنه گر و بینه رانه شی که پێشتر به ئه زمونی لاَبۆری شانۆی لاَلش ئاشنا ببوون، ئاماژه یان به وه دا که ئه م ئه زمونه گرنگه ی نیگار و شه ما ڵ ده رکه وته یه کی تری گرنگی کاری ئه زموونکارییه و هه میشه به پشکنین و گه ڕان و پێشکه وتنی نوێ وه هه نگاو ده نێت.

سه ره ڕای ژماره یه کی زۆری گفتوگۆی ڕۆژنامه یی و ته له فیزیۆنیی له ته ك هه ردوو هونه رمه ند و کارگێڕانی ئه م لاَبۆره، ئه وا له چوارچێوه ی فیستیڤاڵه که دا کۆنفرانسێکی تایبه تیش به ئاماده بوونی کۆمه ڵێ بیرکارو هونه رمه ندو ڕه خنه گری شانۆی عه ره بی له سه ر لاَبۆری شانۆی لاَلش به ڕێوه چوو، یه کێك له وانه ش ئه کته ری ناسراوی سینه ماو ته له فیزیۆن و شانۆی میسری و عه ره بی (د. خلیل مرسی) بوو. جگه له مه ش هونه رمه ندی ناسراوی عێراقی، عه میدی کۆلێژی هونه ره جوانه کان له به غدا (د. عقیل المهدی) ده قێکی سه رنج ڕاکێشی له ژێر ناونیشانی (یاده وه ری ده نگ) له سه



ر ئه م ئه زموونه ی لاَبۆری شـــانۆی لاَلش نووسی و هـــه روه ها له ڕێپۆرتاژێکی تایبه تیشـــدا ده رباره ی ڕاووبۆچوونی بینه ران له ســـه ر فیستیڤاله که به گشـــتی ئاماژه ی به ئه زموونی لاَبۆری شـــانۆی لاَلـــش دا که (ئه زموونێکی داهێنـــه رانه وتایبه ته له شـــانۆی جیهانـــی دا و جورئه تێکی ته واوی ئه زموونکارانه ی شـــانۆیه). هه روه ها هونه رمه ندی ناسراوی میســـری و عه ره بی (د. ابراهیم الفو) ده قێکی گرنگی له ژێر ناوی (دارشـــتنه وه ی ســـه ر لـــه نویَ ی جیهان له بواری ده نگه وه)نووســـی که تیایدا ئاماژه یه کی ســـه ر سووڕهێنه رانه ی به م ئه زموونه داوه، کـــه چۆن ده نگ ده بێته هۆی خو لڤاندنـــی تۆنه جیاوازه کانی ڕه نگ له لاَی وه رگر. جگه له مه ش لاَبۆری شـــانۆی لاَلش له لاَیه ن ئه کادیمیای هونه ری قاهیره و مۆزه خانه ی مۆدێرنی میسره وه میوانداری کرا بۆ به ئه نجامگه یاندنی دوو وه رشـــه ی جه سته یی و ده نگی بۆ قوتابیانی (پـــه یمانگای بالاَی هونه ری شـــانۆ) وهه روه ها کۆمه لێ لاَوی شانۆیی له چه ند وولاَتێکی تری عه ره بییه وه. ده رئه نجامی ئه م سه رکه وتنه گرنگانه ش ئه وه بوو که له لاَیه ن کۆمه لێ فیستیڤالَی نێونه ته وه یی تره وه ئه م لاَبۆره بانگهێشـــته کرا. له هه مان کاتدا بالَوێزی نه مسا و کارگێرانی له قاهیره به خۆشحالَییه وه ئه م سه ر که وتنه ی (لاَبۆری شانۆی لاَلش)یان ئاماژه پێدا و ئاماده یی خۆیان بۆ هه موو پشتگیریی یه کی داهاتوو ده ربڕی.


●له ڕۆژانی ٢٤ی نۆڤێمبه ر بۆ ٣٠ی دێســـه مبه ری ٢٠٠٥ یـــش لاَبۆری شـــانۆی لاَلش به هه مان پـــرۆژه و له ڕه وتێکی نویَ ی ئه زموونکارییدا بووه میوانی "دوانزه هه مین فیستیڤالَی شانۆیی نێونه ته وه یـــی قرتاج" له تونس. که تیایدا له ســـه رجه می دوو سه د به رهه می شانۆیی ته نها چل و هه شت به رهه م له پانزه وولاَتی جیهانییه وه میوانداریی کرا بوون. ئه م وویستگه یه ش سه رکه وتنێکی گه وره ی بۆ لاَبۆری شانۆی لاَلش تۆمار کرد و کۆمه لێ ڕه خنه گر و ڕۆژنامه نووسی ناسراوی عه ره بی به زمانی فه ڕه نسی وعه ره بی چاوپێکه وتن و ووتاری جۆراوجۆریـــان له بلاَوکراوه ڕۆژانه تایبه تییه که ی فیســـتیڤالَه که و له گۆڤـــار و ڕۆژنامه عه ره بییه کاندا بلاَوکرده وه. ده رئه نجامی ئه م ســـه رکه وتنه گه وره یه ش لیژنه ی فیســـتیڤالَه که و له ســـه ر داواکاریی یه کی گه وره ی ئاماده بووان و بینه ران، ڕه زامه ندی خۆی بۆ دووباره نوومایشـــتکردنه وه ی ئه م ئه زموونه له چوارچێوه ی فیســـتیڤالَه که دا ده ربڕی و به ئاماده بوونی بینه رێکی بێ شـــوومار و به هاریکاری ئه کادیمیای هونه ری شانۆی تونس، لاَبۆری شانۆی لاَلش نوومایشتێکی تری له یه کێك له کلَێسا دێرینه کانی تونس دا به ئه نجام گه یاند.

شایانی باســـه ئه م ئه زموونه ی لاَبۆری شانۆی لاَلـــش وه کو کاتیگۆریی فیســـتیڤالَه که به ئه زموونی (پردی پاشه ڕۆژ) ئاماژه ی پێدرا. هه روه ها شانۆکار (د. صلا ح القصب) که دوای شانزه سالَ به دیداری نیگار و شـــه مالَ ئاشنا بووه وه له ئاماژه یـــه کی تایبه تیدا ئـــه م ئه زموونه ی به وه ناساند که تا بلَێ ی ئه زموونێکی نویَ یه له بواری خسته کاری ده نگه وه.

●ئێســـتاش لاَبۆری شـــانۆی لاَلش له دوای گه شتی پێکگه یشـــتنی به سه نته ری "گرۆتۆڤسکی" و "یۆجینۆ باربا" و به شـــداریی له فیستیڤالَی قاهیره و قرتـــاج دا، له خۆ ئاماده کردندایه بۆ کۆمه لێ گه شتی تری شانۆیی به جیهاندا له ته ك ئه زموونێکی نویَ ی تردا "به بێ ســـێبه ر"- پرۆژه ی توێژینه وه ی ٢٠٠٦-٢٠٠٧. له و گه شـــته شانۆییانه ش به ره و (فیســـتیڤالَی شانۆی نێونه ته وه یی عه مان و جرش له ئوردون) هه روه ها (فیســـتیڤالَی نێونه ته وه یی بۆ شـــانۆی ئه لَته رناتیڤی له یۆنان) و پاشانیش به ره و پۆلَۆنیا و ئه لَمانیا و سوریا و لوبنان.

* شایانی باسه "لاَبۆری شانۆی لاَلش" ی هه ردوو هونه رمه ندی کورد نیگار و شـــه مالَ له ته ك گرووپه نێونه ته وه ییه که یدا له م گه شـــت و به شدارییه جیهانییانه دا نوێنه رایه تی وولاَتی نه مسا ده که ن و له لاَیه ن وه زاره تی ده ره کی و بالَوێزخانه کانی نه مساوه هاریکاری ده کرێن.

# ئەزموونێکی لابۆری شانۆی لالش لە ڕۆفی دەریای سپی ناوەڕاست



(ســـەرەتای گفت) وەکو ســـێهەمین وێستگەی ئەزموونکاری لە دوورگەی (کریت) ی یۆنان

* لـــە یەکێک لـــە ڕۆخەکانی باکـــوری دوورگەی کریتدا، لە ئێوارەیەکی مانگی ئەوگوســـتی ٢٠٠٦ دا، لە و ســـاتانەی سروشتە شاخاویی یە ســـەخت و دلگیرەکەی (نۆپیجیا) بە تەواوی هێمن دەبێتەوە، مرۆڤ گوێ ی لە هیچ شـــتێک نابێت جگە لە شەپۆلە بەهێز و گەورەکانی دەریای ســـپی ناوەڕاست کە بەردەوام لە شـــالاوێکی بێ هاوتا و ململانێیەکی ئەزەلیدایە لە تەک ئەو تاشە بەردە زەبەلاحانەی ڕۆخی ئەم دوورگەیە، کە دەلێ ی خواوەندە کۆنەکانی یۆنان پەیکەرسازیان کردووە.

بە لێژایی گردێکی بەرزەوە، کە سەرەتای زنجیرە شاخێکە و درێـــژە دەبێتەوە تا قوولایی دەریاکە، ئا لەم لێژایی یەدا، بینەرێکی زۆری نێونەتەوەیی لە کاتژمێری ٩ ی شەودا، لە نێو دلی پانتاییەکی گەورەوە، ســـێ جەستە دەبینن کە بە سێ دەنگی هارمۆنی و نائاســـایی بەهێزی جیاوازەوە دەڕژێنە ناو دەنگی بەهێزی شـــەپۆلەکانی دەریـــاوە. لەم پانتایی یە بەتاڵەدا کە چەند ماتریالێکی کەم و ئاسایی تیا دەبینرا، (دەنگ و جەستە) بوونە سرووتێکی ئەفسووناوی و تا درەنگانێکی شەو بینەرانیان سەر سام کرد.

ئەمـــە ئەزموونێکی لابۆرەکەی شـــەماڵ و نیـــگارە (ســـەرەتای گفت / پرۆژەی توێژینەوەی ٢٠٠٥/٢٠٠٦) لە سێهەمین وێســـتگەی ئەزموونکاریدا، لە (فیستیڤالی نێونەتەوەیی سیپروس بۆ شانۆی ئەلتەرناتیڤی) کە لەسەر یەکێـــک لە مۆدێلە کۆنەکانی شـــانۆی یۆنانی کە بە (شانۆی بەرد) ناسراوە، لە هاوینی ئەمساڵدا لەدوورگەی کریتی یۆناندا بە ئەنجام گەیشت.

گرنگی و تایبەتمەندێتی ئەم ئەزموونەی لابۆری شانۆی لالش لەم پانتایی یە ڕووت و فراوانەدا لەوێوە سەرچاوەی ڕەســـەنایەتی و داهێنەرانەی خۆی وەردەگرێت، کـــە بە جیـــاواز لە هەمـــوو ئەزموونەکانی تری ئەم فیســـتیڤاڵە هیـــچ ئامرازێکی تەکنەلۆژیی بەکار نەهێنابوو، جگە لە

چەند سەرچاوەیەکی ساکاری ڕووناکی نەبێت کەلە سەرەتای نوومایشتەکەوە تا کۆتایی بە بێ هیچ گەمە پێکردنێک وەکو خۆی ماوەتەوە و، بارودۆخێکی سرووتی بۆ نوومایشتەکە خوڵقاندووە. لە لایەکی تریشەوە کارکردنێکی تەواو لە سەر (دەنگ وجەستە) ی بکەرەکان، کە هەموو گۆڕانکارییەکان لەوانەوە دەخولڨان و هەموو پێکهاتە و پەیوەندییەکانیش لەوانەوە سەرچاوەیان دەگرت. جگە لەمانەش بەرزکردنەوەی پێکهاتە و ڕەگەزەکانی نێو سروشت بوو بۆ ئاستێکی ئەکسیۆنیزمی و بەکارخستنیان وەکو یەکەیەکی پێکهاتەیی و تووندوتۆڵی پێرفۆرمانسی، کە تیایدا سروشت و دەوروبەر نەچوونە نێو پرۆسەی (کارکردن لە شوێنی کراوە و گشتی) دا و هەروەها ئێدی ئەو سروشتەش نەبوونە باگراوەند و خوڵقاندنێکی ئەتمۆسفێریی ڕووت بۆ ئەزموونەکە، بەڵکو سروشت و دەوروبەر بوونە بەشێکی گرنگی پیرفۆرمانسەکە.

بەشدارانی ئەم ئەزموونەش بریتی بوون لە نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عمر وهەروەها سان سان یاپ کە یەکێکە لە ئەندامانی لابۆرەکە و خەڵکی سەنغافورە و بەڕەچەڵەک چینی یە ولە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە بە بەردەوام لە تەکیاندا کار دەکات و لە ئەزموونەکانی لابۆری شانۆی لالش لە نەمسا و میسر و تونس و یۆناندا بەشداری کردووە.

نیگار حەسیب ئاماژەی ئەوە دەکات کە: ( بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونەمان نەبێتە پرۆژەیەکی هونەریی ڕووت لە شوێنی کراوەدا، ئەوا هەندێ لەو ئەکسیۆنە دەنگییانەمان لەم ئەزموونەدا خستەکار کە تیایدا لە نێو یەکەی دەنگی و پلاستیکییەتی جەستەدا، بە شێوەیەکی نائاسایی ، ساتی بێدەنگی بە شێوەیەکی تەکنیکئامێزبە ڕێوە دەچێت، کە وەکو ئاستی بینین و پێکهاتەی جەستەیی و ئاستی کۆمۆنیکاسیۆنی لە پانتاییدا، کاریگەریی دەخوڵقێنن. بۆ یە لەو ساتە بێ دەنگیانەدا شەپۆلە ڕیتیمیەکانی دەریاکە، کە بەبەردەوام جارێک هێمن و جارێکی تر شێتگیرانە لەم نیمچە چاڵەدا خۆی دەئالانە جەستەمان، بوونە یەکەیەکی زیندوو وپێکهاتەی ئەزموونەکەمان).

هەروەها شەماڵ ئاماژەی ئەوە دەکات کە: **(لەم شوێنەدا، کە لایەکمان بە شێوەیەکی نیوە بازنەیی بە بینەران لەسەر پلیکانە زۆر و یەک لە دوای یەکەکاندا و، لە دوولاکەی تریشەوە بە گردۆڵەی زەبەلاحی بەردین و دار هەنجیر و ڕووەکی بۆنداری سروشتی ئابلۆقە درابووین، لە لاکەی تریشەوە پانتاییەکەمان ڕاستەوخۆ درێژ دەبووەوە بۆ ئاوەکە و دەیڕوانی بە سەر شەپۆل و تاشەبەردەکانی ڕۆخی دەریای سپی ناوەڕاستدا. ئا لەم شوێنەدا پرۆژەکەمان وەکو هەنگاوێکی تری ئەزموونکاریی بەجێ گەیاند. بەڵام تابلێ ی سەخت و قورس بوو، توانستێکی تایبەتی و لە ڕادەبەدەری گەرەک بوو،** تا سەر ئێسقان ماندووی کردین، بەڵام ماندوبوونێکی بە چێژ و قورسیەکی چێژدار. لە دونیای شانۆدا هیچ چێژێک بۆ من ناگاتە چێژی "مەشقی ڕۆژانەیی و بەردەوای دەنگی وجەستەیی" کە توانستێکت بۆ مسۆگەر دەکات و ئامادەگییەکی تەواوت بۆ پاشەڕۆژ پێ دەبەخشێت. هەڵبەتە مەبەستم لە "پاشەڕۆژ" لە لایەکەوە هەموو ئەو ساتە یەک لە دوای یەکانەن کە تیایاندا تۆ ڕۆژانە کەرەستە تەکنیکیەکانی خۆت دەپشکنی وقوڵتریان دەکەیتەوە و، هەروەها مەوداکانی ووزە و توانست والادەکەیت و، کاری بەردەوام لەسەر خۆت دەکەیت و سنوور و ڕێگرە دەنگی و جەستەیی و ووزەییەکان تێدەپەڕێنیت.

لە لایەکی تریشەوە "پاشەڕۆژ" هەموو ئەو ساتانەشن کە تۆ بە بەردەوامی پەیوەندییەکی چێژدار و کاریگەر لە تەک ئەو مرۆڤانەدا دەخولقێنیت کە پێیان دەووترێت بینەر و منیش بە "چاودێرێکی چالاک" ناویان دەبەم).

ئەم پرۆژەیەی لابۆری شانۆی لالش بووە مایەی گرنگی پێدانی بەشداران و بینەرانی فیستیڤاڵەکە و دەرئەنجامی ئەم سەرکەوتنەش لابۆری شانۆی لالش ڕاستەوخۆ بۆ کۆمەڵێ فیستیڤاڵی نێونەتەوەیی جیهانی بانگەواز کرا، لە پۆلۆنیا و کۆسۆڤۆ و باکوری یۆنان و سویسرا. یەکەمین بەشداری ئەم فیستیڤالانەش، فیستیڤاڵی (سکێنا ئەپ) ی نێونەتەوەیی بۆ شانۆ و سینەما کە لە مانگی یانزەی ئەمساڵدا لە کۆسۆڤۆ بەڕێوە چوو.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی ئەوە بکەم کە لەم شێوەکارکردنەی نێو سروشتدا (نیگار وشەماڵ) خاوەنی ئەزموونی جیهانی دانسقە و لە بەر چاوون، لە وانەش (پرۆژەی شاخی گۆتهارد) لە سویسرا، کە یەکێکە لە لووتکە بەرزەکانی زنجیرە شاخی ئالپ. لەم پرۆژەیەدا و لەتەک "لابۆری پاراتا ی ڤالتەرپفافی سویسری" و گرووپێکی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٩٩ دا، لابۆری شانۆی لالش لە تەک دەنگ و جەستەدا مامەڵەیەکی ئەکسیۆنیزمیان لەگەڵ "ئارد و ئاو وبەرد و قوڕ" دا بەئەنجامگەیاند.

ئەمەش بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان و بیرکارانی شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژی لە فەڕەنسا و ئیتالیا و یۆنان



و سویسرا و ئەڵمانیا و نەمساوە.

هەروەها ئەزموونی "سەمای خۆر" لە ساڵی ٢٠٠٢ لە باشوری نەمسا لە ناوچەیەکی سروشت پارێزراودا. ئەم ئەزموونەش ساڵێکی خایاند و چوار ئەکسیۆنی جیاواز لە تەک وەرزەکانی (بەهارو هاوین و پاییز و زستان) ی ساڵدا و لە هەمان شوێن دا بە ئەنجامگەیەندران. ئەم ئەکسیۆنانەش لە ناو کێڵگەی گەنم و ڕووبار و بەفر و دارستاندا پراکتیزە کراون. کە دەکرێ نووسین لەسەر ئەم دوو ئەزموونەی شەماڵ و نیگار لە ناو سروشتدا ببنە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ شانۆی کوردی، بەو هیوایەی لە داهاتوودا ئەم پرۆژەیەش جێ بەجێ بکرێت.

## لابۆری شانۆی لالش

لابۆری شانۆی لالش وەکو دەرکەوتەیەکی گرنگی پرۆسەی ئەزموونکاری لە ڤییەنای پایتەختی نەمسادا توانیویەتی لە ڕێگای میتۆدە داهێنەرانەکەی خۆیەوە، سەرنج و تێڕامانی گرنگ لەمرۆی شانۆی جیهانی دا بۆ خۆی ڕابکێشێت.

پرۆسەی "دەنگ وەکو سەرچاوە" کە سەنتراڵی کاری لابۆری شانۆی لالشە و تایبەتمەندێتی هونەری و داهێنەرانەی هەردوو ئەزموونکاری کورد "نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عمر" ە بۆتە مایەی گرنگی پێدانی فیستیڤاڵە جیهانی یەکان و زانکۆ و بیرکاران و هونەرمەندانی شانۆ و بینەرانێکی لە ڕادەبەدەری نێونەتەوەیی.

ئەم پرۆژەیەی لابۆری شانۆی لالش بەکارخستنێکی تری دینامیکیەتی دەنگە کە لە بواریەوە بەها مرۆیی و کلتورییەکان بەرجەستە دەکات. جگە لەمەش بەوێنەکردن و بەدیارخستنی دەنگە لە پانتاییی دا، کە تیایدا هەموو ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی نوومایشت لە دەنگ و جەستەی مرووڤەکاندا کۆ دەکاتەوە و پشت بێ هیچ ڕەگەزە شانۆییەکانی وەکو دەق و دراماتورگی، ڕووناکی و جل وبەرگ ودیکۆر نابەستێت. جگە لەمانەش خۆ بەستنەوەیەکی تەواوی شەماڵ و نیگارە بە ڕەگەزێکی تا بڵێ ی گرنگەوە کە ئەویش (ئیندیڤیدوالیەتی) بکەرەکانە،( کە تەنیا لەواندا و بە هۆی ئەوانەوە هەموو ئاڵوگۆڕو پەیوەندی و کاریگەریەکان دەخوڵقێن و هەر لەوانیشەوە هەموو گۆڕان و پەیوەندیە ڕۆحی و حسی و فیکریەکان هەڵدەقوڵێن).

شەماڵ و نیگار ئاماژەی ئەوەش دەکەن کە (پرۆژەی گەڕان و پشکنین، خوڵقاندنی جیاوازیی وتایبەتمەندێتی، پێش هەموو شتێک پێویستی بە نەفەس درێژی وسەبر و بەرهەمهێنانی ووزەیە لە هەموو ساتێکی مەشق وکارکردندا، بۆیە هیچ کارێکی ئەزموونکاری لە شانۆدا بە بێ پشکنین و گەڕانی بەردەوام ودرێژخایان و هەروەها بە بێ پرسیاری میتۆدی وپراکتیکی بە ئاکام نایەت).

پرۆژەی داهێنان وئەزموونکاری لە لای ئەمان لە لابۆری شانۆی لالش دا لەسەر دوو ئاست کاردەکات کە بریتین لە (داخراو و کراوە). داخراو بەو مانایەی کە پرۆسەیەکی لابۆرییە و بە شێوەیەکی ڕۆژانەیی و بە بێ هیچ دابڕانێکی زەمەنی لە کارکردنێکی بەردەوامدایە بۆ تاووتوێکردنی پراکتیکی و پشکنینی بەردەوامی دەستکەوتەکانی. کراوەش بەو مانایەی کە لە پەیوەندیەکی زیندوو و بەردەوامدایە بە مرۆڤ و جیهانەوە.

لێرەشدا شەماڵ و نیگار ئاماژەی ئەوەدەکەن: (داهێنان، کاری لابۆراتۆری و هەروەها پرۆژەی ئەزموونکاری، کاری تاکەکەسی یە و هەمیشەش تاکەکان لە مێژوودا ئەو دەستکەوتە گەورانەیان بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵێ مرۆڤی تریش تیایدا بەشدارن کە دیدەکان پراکتیزە دەکەن وپرسیاریش لەسەر دەستکەوتەکان دەخوڵقێنن).

لێرەدا بە پێویستی دەزانم سەرنجی خوێنەران بۆئەو ووتارەمان ڕابکێشم، کە بە دوو بەش لە ژمارەی (....... و .......) ی کوردستانی نوێ دا لەسەر هێڵە گشتی یەکان و ئامانج و میتۆد و ئەزموون و گەشتە جیهانی یەکانی لابۆری شانۆی لالش بڵاوکرایەوە.

لە داهاتووشدا بە درێژی دەربارەی گەشتەکەی لابۆری شانۆی لالش بۆ کۆسۆڤۆ کە تیایدا پرۆژەی توێژینەوەی ٢٠٠٦/٢٠٠٧ پێرفۆرمانسی "بێ سێبەر" و وەرشەیەکی سێ ڕۆژی بۆ کاری دەنگی و جەستەیی و هەروەها کۆڕ و سیمینار و ئاڵوگۆڕی میتۆدی لەسەر چەمکە گرنگەکانی پێرفۆرمانسی ڕیتوالی و شانۆ لە نێوان تێزەکانی ئێتنۆلۆگی و ئەنترۆپۆلۆژیدا بە ئەنجام گەیاند. جگەلەمانەش بە خۆشحاڵیەوە لە ماوەی داهاتووشدا خوێنەران لە پرۆژەیەکی گرنگی ئەڵتەرناتیڤی لابۆری شانۆی لالش ئاگادار دەکەینەوە کە بریتیە لە پرۆژەی (نیدەهۆف). ئەم پرۆژەیە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ تا ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ دەخایانێت و تیایدا لابۆری شانۆی لالش لە تەک ٢٦ کەسی دانیشتووی گوندێکی نەمسا کار دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش شەماڵ و نیگار کاری لابۆرەکەیان دەگوێزنەوە بۆ ئەو گوندە و لە هەمان کاتدا لە لابۆرەکەی شاری ڤییەناشدا لە کاری بەردەوامدا دەبن.

# مەلەفی دووەم: شانۆی پاش تازەگەری

ئایا پێویست بوو مەلەفێك بۆ شانۆی پاش تازەگەری تەرخان بکەین؟ دیارە شانۆی پاش تازەگەری شانۆیەکە لە ئێستادا لە سەرانسەری جیهان هەڵگری گفتوگۆی شانۆیی قووڵە، ئەو شانۆیە لە رۆحی بانتۆمایمەوە هاتە بوون، بەڵام بانتۆمایمێکی جیاواز لەوەی شانۆکاری کورد ئاشنایەتی پێیەوە هەیە، بۆ ئەوەی هۆشیاریەکی شانۆیمان بەرامبەر ئەو ئەزمونە هەبێت ئێمە تەنها ئەوەندە دەڵێین کە ئەو شانۆیە سەرەتاکانی بۆ ئەنتوان ئارتۆ دەگەڕێتەوە پەیوەندیەکی قووڵی لەگەڵ جەستەدا هەیە، دەیالۆگ هیچ بایەخێکی تیا نیە، شانۆ وەك شانۆ سەیر دەکات نەك وەك ئەدەب، شانۆیەکە لەسەر دەستی تاکە داهێنەرێك درووست نەبووە، ئەو شانۆیە هەڵگری پرسیاری قووڵە نەك تەنیا لەئاستی جیهان، بەڵکو لێرەش ئەو کاتانەی کەسانێك توانای ئەنجامدانی کردەی خوێندنەوەیان نیە دەڵێن "ئەم شانۆگەریە لەرێچکەی بانتۆمایم لایداوە" لەڕاستیدا ئەو ئەزمونانە دەرچوونە لەمەعریفەی باوی ئەو کەسانە، چونکە ئەوە بانتۆمایم نیە بەو شێوەیەی کە ئەوان لێی حاڵی بوونە، بەڵکو ئەوە شانۆی پاش تازەگەریە، شانۆیەکە بەدوای دەرکردنی دەیالۆگ لەناو خۆیدا دەستی بە ئەزموون کردووە، بۆیە بەمەبەستی لابردنی ئەو دەمامکە گومانکاریە کە عەقڵیەتێکی کۆن دەیەوێ ئەو نەوە نوێیەی شانۆ فریوو بدات، کە دڵنیاین لەوەی ئەو نەوەیە بەوان فریو نادرێت بەڵام بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی نووسینی جددی لەسەر ئەو شانۆیە بەپێویستمان زانی ئەو مەلەفە وەك دووەم مەلەفی شانۆکار لەم ژمارەیە بخەینە ڕوو

**شانۆکار**



# زولێخا لەخەونی یوسفدا

تیشکێك ڕووناکی سوور دەچێتە سەر ڕەحمی ژنێك، پارچە گۆشتێکی تیایە دەیەوێ بجولێتەوە، بەپێی تێپەڕینی زەمەن پارچە گۆشتەکە دەست و قاچ و سەری بۆ درووست دەبێت، دەکەوێتە جولە کردن بۆ ئەوەی بێتە دنیاوە، سەری لەڕەحمەکە دێتە دەرەوە، دواتر تەواوی جەستەی ڕەحمەکە بەجێ دێلێت، دەیەوێ فێری ڕۆیشتن بێت، دەکەوێتە سەرقاچی خۆی، سەمای بەختەوەری دەگێڕێ، لەگەڵ گۆڕانی ڕووناکی، جولەکەی خاو دەبێتەوە، براکان یوسف لەقولای شانۆکەوە دەبینرێن، لەدوورەوە سەرسامی خۆیان بۆ یوسف نیشان دەدەن، لەوە دەچێت لەترسی باوکیان، نەوێرن هیچ پیلانێك بگێڕن، لەخزمەتی وەستاون، یوسف تائەوکاتە منالێکە تازە کەوتۆتە جولەکردن، کە ڕوناکی دەگۆڕێت ئەو گەورە بووە، ئێستا ئەو پیانۆ ژەنە، ئەم ئێوارەیە دواین نۆتەی دایناوە لێی وون بووە، لەبەردەمی پیانۆیەکەدا بەشڵەژاوی بەدوای نۆتە مۆسقیەکاندا دەگەڕێت، دەست بۆ پەڕاوەکان دەبات، لەوە دەچێت بەدوای نۆتەیەك بگەڕێت کەنوسیبێتی و نەیدۆزێتەوە، سیمای تەواو شڵەژاوە، نۆتەکە کۆنەکان بۆ ئاسمانی ژوورەکە بەرز دەکاتەوە، کاغەزەکان بەسەر ڕووخساری دەکەون، ئاوڕێکی خێرا لەپیانۆکە دەداتەوە، لەوە دەچێت بیر لەژەنینی نۆتەکە بکاتەوە، خێرا بەرەو ڕووی پیانۆکە دەڕوات، بەشێوەیەك دادەنیشێ کەخێرا نۆتەکەی بژەنێتەوە، توانای جولەکردنی نیە، سەری دەخاتە سەر پیانۆکە خەیاڵ دەیباتەوە، ڕوناکی دەچێتە ئەو شوێنەی کە ئەو لێی ڕادەمێنێت، لەسەر نوکی پەنجەکانی قاچی هەڵدەستێتەوە، پێشوازی لەتارمایی زولێخا دەکات، وەکو پیانۆ ژەنێکی بەتوانا خۆی پێدەناسێنێت، لەخەیاڵی خۆیدا واتێدەگات لەگەڵ ئەودا سەما دەکات، بۆ ماڵەکەی خۆی داوەتی کردووە، پێکێك شەرابی دەداتێ، دەچێت پیانۆ بژەنێت، پەنجەکانی بەشێوەیەك لەسەر پیانۆکەن، وەك ئەوەی لەناو ئاو بێت، بێباکە لەژەنینی پیانۆکە، پەنجەکانی لەوێن و ڕووخساری لەسەر نیگا خەیاڵاویەکەی زولێخایە، شوێنەکە ڕوناکی لێ نامێنێت، یوسف هەر لەهەمان ئەو شوێنەیە کە خەیاڵ بردیەوە، بەئاگا دێتەوە لەوەی ڕوویدا خەون بوو، دەیەوێ پیانۆ بژەنێ. توانای ژەنینی نیە، بەهەموو پەنجەکانی لەپیانۆکە دەدات، دەنگێك بەئاگامان دێنێتەوە، یوسف دەیەوێ ڕابکات، لەوە دەچێت شێت بێت، وادەردەخات کەلەناو تەنیاییەکی کوشندە دەژییێت، تەواو بیری چۆتەوە کە ئەو ڕۆژێك پیانۆ ژەن بووە، هەست دەکات چیتر دڵی لێ نادات، لەخۆی وورد دەبێتەوە، بڕوا بەخۆی دێنێت کەتووشی ئیفلیج بوون هاتووە، بەزەحمەت دەستەکانی دەجولێنێت، ناتوانێ هەناسە وەرگرێت، هەردوو دەستی بۆ قورگی خۆی دەبات، بەشێوەیەك کە دەیەوێ نۆتە مۆسیقیەکەی بیر بکەوێتەوە، جەستەی تەواو شل دەبێت و دەکەوێتە سەر زەوی، ئێستا نۆتە مۆسیقیەکەی بیر کەوتۆتەوە، هەرچۆنێك بێت خۆی دەگەیەنێتە بەردەم پیانۆکە بۆ ژەنینی نۆتە مۆسیقیەکەی، پەنجەکانی بە پیانۆکەوە ووشك دەبن، ئەو ئێستا جەستەیەکی بێگیانە، براکانی بەکۆمەڵە دەمامکێکەوە دەست بەجولە دەکەن، یوسف لەخەوەکەی بەئاگا هاتۆتەوە، یەکێکیان بەقاچ پیانۆکەی دەژەنێت، ئەوانیتر بە خامێکی سپیەوە بەدەوری یوسفدا دێن، خامەکە سرووتی هەوڵی کوشتنی یوسفی تیا دەگێردرێت، ئەو برایەی لەسەر پیانۆکەیە لچکێکی خامەکەی گرتووە، یوسف و براکان لەژێر خامە سپیەکە لەململانێیەکی ئەفسوناوی دان، لەوە دەچێت یوسف بخنکێنن، یوسف چەند جارێك دەیەوێ لەخامەکە بێتە دەرەوە، براکان ڕێگای نادەن، ئەو کاتەی ڕێگای دەدەن لەخامەکە دەرچێت، کراسەکەی بەریان داکەندووە، گوێمان لە مارشێك دەبێت، هەموو لەشوێنی خۆیان دەوەستن، دەنگی حەرەم سەرا و پێڵاوە پاژنە بەرزەکانی زولێخا دێت، براکان کاتێ دەیانەوێ لەژێرخامەکە بێنە دەرەوە دەمامکیان لەسەرە، چوار کەس لەژێر عەرشێکی لەحەسیر درووست کراودان، عەرشەکە زولێخای لەسەرە، براکان وەك ڕێز لێنان لەزولێخا دەمامکەکانیان دادەگرن و کرنۆشی بۆ دەبەن، زولێخا بەو ئاپۆرەیەدا تێدەپەڕێت، فەرمان دەردەکات بۆ خەڵات کردنی براکان، ئەوان بەخۆشحاڵیەوە لەشوێنەکەی خۆیان بەرز دەبنەوە و شوێنەکە بەجێدێلن، کراسەکەی یوسف لەگەڵ خۆیان دەبەن. زولێخا فەرمان دەردەکات دەست و پێوەندەکان بچنە دەرەوە، یوسف شەرم لەڕووتی خۆی دەکات، زولێخابەنیگایەکی سەیر لێی وورد دەبێتەوە، یوسف دەیەوێ لەڕێگەی پەنجەکانی سنگی خۆی داپۆشێ، زولێخا لێی دەچێتە پێشەوە، ئەویش دەگەڕێتەوە دواوە، تەواوی ئەو شوێنەی بەدوا دەکات، یوسف قاچەکانی تێك دەئاڵێت و دەکەوێت سەر زەوی، زولێخا لەڕێگەی سەماکردنەوە دەیەوێ سەرنجی ڕابکێشێت، شێوەی سەماکردنەکەی زیاتر لەسەمای کیژە ئیسپانیەکان دەکات، تاتەواو شەکەت دەبێت، دەستی بۆ یوسف درێژ دەکات، بۆئەوەی سەمای لەگەڵ بکات، بەڵام هەوڵەکەوی بێسوودە، تادواجار لەپاڵیا دادەنیشێ، بەیارمەتی جەستەی خۆی هەڵی دەستێنێتەوە، لەشێوەی جولەی بازنەیی دەسوڕێنەوە، یوسف پەنجەکانی لەڕووخساری زولێخا نزیك کردۆتەوە، پەنجەکانی بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە، زولێخا گەردنی بەشێوەیەك دەردەخات،

کەتا ڕادەیەکی زۆر سەری بۆدواوە دەگەڕێنێتەوە، یوسف دەستی لەکەمەری زولێخاوە ناوە، دەنگی هەناسەیان تێکەڵی ئەو تاریکیە دەبێت، کەبەشداری لەتەواو کردنی وێنە شانۆییەکە دەکات. بێدەنگیەکی سەیر باڵ بەسەر تاریکەکەدا دەگرێت، لەسوچێکدا کەهەرگیز لەوە ناچێت دوورگەیەکی لەو چەشنە ژیانی تیا بێت، ئێستا ئەو زیاتر لە ئۆدیب دەچێت بەهۆی ئەو دارەی دەستەیەوە، چونکە لەوە دەچێت پیر بووبێت و چاوەکانی کز بووبن، زولێخا بووە بەدۆستی یەکێك لەبراکانی یوسف، یوسف دەیەوێ بەزولێخا بڵێت کە عەشقی ئەو زوو پیری کرد، براکەی بەدارەکەی دەستیەوە دەیسوڕێنێ، کەبەری دەدات یوسف کەوتۆتە شوێنێکی دوور، براکەی لەگەڵ زولێخا چاوەڕوانی ئەسپێکی بوراقی دەکەن، بیانبات بۆ ئاسمان، تارمایی ئەسپەکە دەردەکەوێت، زولێخا لەشێوەی باڵندەیەك دەیەوێ بۆ ئاسمان بفڕێت،تەواوی شانۆکە بەجولەی دەستەکانی و بازدانی قاچی داگیر دەکات، براکەی یوسف دەردەکەوێتەوە، بەڵام هەرگیز عاشقێك نیە، بەڵکو ئێستا ئەو زیاتر لەسەربازێکی کۆشك دەچێت، بەڵام سەربازێك کەبیەوێ کودەتا بەسەر کۆشکدا بکات، بۆیە زولێخا بەدوای خۆی ڕادەکێشێت، زولێخا یەنیگایەك تەماشای دەکات، براکە ئارەزووی دەبزوێ، لێی نزیك دەبێتەوە، کاتێ دەیەوێ ڕابکشێ هەوڵ دەدات بیخەوێنێ، کەدەخەوێت خۆی لەدەستی دەربازدەکات و ڕادەکات، تاریکە باڵ بەسەر ئەو پانتایەدە دەگرێت، دەنگی ڕەشا دێت، کە دنیا ڕۆشن دەبێتەوە، بیابانێکی لماویە، ڕەشەبایەك بەبیانەکەدا تێدەپەڕێت، زولێخا لەبەردەم ئاگرێکدا سەمایەکی دەروێشی دەکات،گوێبیستی دەنگی دەف دەبین، سەماکەی زولێخا تێکەڵی دەنگی دەفەکە دەبێت، دەستەکانی لەئاگرەکە نزیك دەکاتەوە، پێویستی بەگەرمی ئاگرەکە هەیە، دەستەکانی هەر بەهەمان شێوە دەجولێنێ، بەڵام لەئاگرەکە دوورکەوتۆتەوە، هەردوو ناو لەپی وێنەی دوو چاوی لەسەرە، دەیەوێت لەبیابانەکەدا چاوەکانی یوسف بدۆزێتەوە، بێئومێد دەبێت لەدۆزینەوەی تەرمەکەی یوسف، کەوا پێشبین دەکات مردبێت، گومان دەکات کە ئەو چاوانە هی خۆی بێت، دەستەکانی لەچاوەکانی خۆی نزیك دەکاتەوە، بینایی تاریك دادێت، ترسی لێ دەنیشێت، هەست دەکات کوێر دەبێت، دەنگی دەفەکە تەواو کزبووە، زولێخا خەوی لێ دەکەوێت، دوو لەبراکانی یوسف جل و بەرگی سەدەکانی ناوەڕاستیان پۆشیووە، زەمەن ڕووخساریانی گۆڕیووە، یەکێکیان ئەوەبوو کە زولێخا لەناو نوێن بەجێی هێشت، براکان خەریکی شەڕەشمشێرن، دۆستەکەی زولێخا براکەی تری دەکوژێت، لەقوڵایی بیابانەکە یوسف بەدەفێکەوە دەردەکەوێتەوە، عەبایەکی درێژی بەسەرشانەوەیە، برا شمشێر بەدەستەکەی لێی ڕادەمێنێت، لەگەڵ دەنگی دەفەکە زولێخا بەئاگا دێتەوە، سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، بەڵام کەس نابینێت، دەیەوێ لەسەر سەماکردنەکەی





بەردەوام بێت، یوسف دەف دەژەنێت، براکەی بەشمشێرەوە دێتە پێشەوە، لم بەئاگرەکە دەکات و دەیکوژێنێتەوە، زولێخا دەکەوێتە سەرچۆك، شمشێر بەدەستەکە دەیەوێ زولێخا بکوژێت، زولێخا بەدانیشتنەوە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، یوسف لەدەفژەنینەکەی تووشی وەستانێکی سەیر هاتووە، شمشێر بەدەستەکە زولێخا دەکوژێت و بەهێزی شمشێرەکەی هەڵدەستێتەوە، یوسف بەعاباکەی سەرشانی تەرمی زولێخا دادەپۆشێ، دەفەکەی هەر بەدەستەوەیە، بەدیار تەرمی زولێخا دانیشتووە، شمشێر بەدەستەکە شمشێرەکەی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە، وا دەنوێنێ کە خریکی شەڕکردنە، تەرمی زولێخا لەژێر عەبا ڕەشەکە بەجولە دەکەوێت، یوسف هەر لەشوێنەکەی خۆیەوە دەست دەکاتەوە بە دەف ژەنین، تەرمەکە بەعەباکەوە هەڵدەستێتەوە، شمشێر بەدەست شمشێرەکەی دەکەوێتە سەر زەوی، دەستەکانی بەشێوەیەك بڵاوکردۆتەوە، وەك ئەوە بێگوناهی خۆی دەربخات، یوسف چۆتە ژێر عەباکەوە، لەگەڵ تەرمەکەی زولێخا سرووتی سەمای دەورێشی و دەفژەنین سازدەکەن. لەژێر قوماشەکە گۆڕێك بۆخۆیان درووست دەکەن، کێلی گۆڕەکان سەری هەردووکیانە، بینەران چاوەڕوانی مردنیانن، ئەوانیش چاوەڕوانی مردنی بسینەران دەکەن، ماوەیەکی زۆر بەو شێوەیە تێدەپەڕێت، کەس نامرێت، شانۆگەریەکەش هێشتا تەواو نەبووە.

ئاماژە: ئەو هێلکاریە شانۆیە وەك ئەزمونێکی شانۆی پاش تازەگەری نووسراوە، لەسەر تیۆرانینەکانی ئەنتواتن ئارتۆ، ڕۆژی ٢٨-٣-٢٠٠٧ لەقەیسەری قەڵا لەلایان تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك لە سیناریۆ و دەرهێنانی نیهاد جامی نمایشکرا، بەدوای چوونی ئێمە بۆ ئەو شوێنە ئەو هێلکاریە نەسەپێنرا بەسەر شوێنەکە، بەڵکو هێلکاریەکە تەنیا زەمینەیەك بوو. بیرۆکەیەك بوو بۆ ئەوی تێکستێك لەسەر شوێن ئەنجام بدەین، بایەخی سەرەکی لە شوێن بۆ چەمکی ریتوال بوو

# پرۆژەیەکی ئەزمونکاری لە شانۆی پاش تازەگەریدا

**فریاد ئەحمەد**

"خەونی دۆزینەوە و گەڕان بەرەو نادیار هەمیشە پاڵمان پێوە دەنێت بەرەو ئەزموونێکی جیاواز، ئەزموونێك توانای ئەوەی هەبێت دابڕان لەتەك هەنگاوەکانی پێش خۆی دروست بکات، تاکە میکانیزمێك کە هەمیشە ئامادەبوونی هەیە، زمانی جەستەیە، جەستە لەو پانتاییە جیاوازانەدا خەونی پرۆژەی دامەزراندنەوەی جیاوازی هەیە، ئێمە دەمانەوێت پرۆسەی نووسینی شانۆ لە قەڵەم و کاغەز بگۆڕین بۆ نووسین بە جەستە لە بۆشاییدا، ئەم ئەزموونە بەرهەمی ئەزمونێکی تیۆری و پراکتیکی ئێمەیە لە بواری شانۆی توندو تیژیی ئەنتوان ئارتۆ، ئێمە لەم ئەزمونەدا تەواو پابەندی ئەزموونی توندوتیژیی لای ئارتۆین، کە دەشێ چەمکی وەرگرتن دابڕن لەتەك چێژی بینینی باو دروست بکات، بەهۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر بە هاوکێشەیەکی تردا دەبەین"

ئەمە وتەی نیهاد جامی دەرهێنەری بانتۆمایمی سەگ و دەف بوو، کە لە کەرکوك نمایش کرا، بانتۆمایمی (سەگ و دەف) جیاواز لە ئەزموونەکانی تری تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك لەسەر ئەزموونی شانۆی توندوتیژی ئارتۆ کاری لەسەر کرابوو، بەڵام دەکرێت پابەندی بەشێك لە ئەزموونەکانی ئارتۆ بووبین، چونکە لەڕاستیدا قورسە گەر کەسێك بیەوێت بەپێی تیۆرەکانی ئارتۆ کاربکات، بۆ نموونە هەریەك لە (ڕۆژێ بلێن و ژان لوی بارۆ و ئارتور ئادامۆڤ) باش ئارتۆیان دەناسی و خۆشیان دەویست و هەرکەسەیان بە جۆرێك سوودی لە تیۆرەکانی ئارتۆ وەرگرتووە، بەڵام هەرگیز باسیان لەوە نەکردووە کە سوودیان لە ئارتۆ وەرگرتووە لە کارە شانۆییەکانیاندا، ڕەنگە هۆی ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەو حەقیقەتەی کە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت سەرجەم تێزەکانی شانۆی توندوتیژیی لە بەرهەمێکی شانۆییدا بەکار بهێنرێت، هەر لەبەر ئەمەش دەکرێت لە هەر نمایشێکدا سوود لە هەندێك لەو تێزانە وەربگیرێت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و هەرچەندە بە تەواوەتی کەڵك وەرگرتن لە گشت تێزەکانی ئارتۆ لە کارێکدا دەستە بەر نابێت، بەڵام شانۆکەی ئارتۆ بە شێوەیەکی بەربڵاو کاریگەری لەسەر شانۆی هاوچەرخ بەجێهێشتووە. ئەگەر باسی (سەگ و دەف) بکەین بەروونی دەبینین کەڵك لە هەندێ لە تیزەکانی شانۆی توندوتیژی ئارتۆ وەر گیراوە، بۆنموونە سەرەتا ئەگەر لە شوێنی



نمایش و بینەرەوە دەست پێبکەین کە ئارتۆ لەو باوەرەدا بوو "پێویستە مەودای نێوان تەختەی شانۆ و شوێنی دانشتنی بینەر نەمێنێت" بۆ ئەوەی نزیکی بینەران لە پانتایی ڕووداوەکان ببێتە هۆی ئاوێتە بوونی لەتەك کەشێکی ئەفسوناوی و سحر ئامێزدا. بەهەمان شێوە لەکاتی نمایشی بانتۆمایمی (سەگ و دەف) بینەر هاوبەش و شەریکی نمایشەکە بوو، بینەر و نمایش یەکەیەکی یەکگرتوویان پێکهێنابوو، چونکە لای ئارتۆ..نمایش دەبێت بینەر دوچاری هەڵچون و دڵە ڕاوکێ بکات، بەم شێوەیە

شانۆ وەکو نەریتێك خۆی بەرجەستە دەکات، لەو نەریتە سەرجەم بینەران و ئەکتەران هاوبەشـــن، لەبەر ئەوەی هەمان ئەو شتەی نمایش دەکرێـت بریتیە لە بنەڕەتیەکانی بوونی خودی بینەران، لە راستیدا بینەر شـــایەتی زیندەگی خۆیەتی، بەڵام تا چەند بینەر لەوە تێـــدەگات، ئەوە لای خۆی دەمێنێت و پەیوەندی بە هۆش و بیری ئەوەوە هەیە، نیهاد جامی بەردەوام دەیگوت "ئێمە شـــانۆ وادەکەین کە شـــانۆ دەیخوازێت" کارمان بەسەر بینەرەوە نییە چی دەڵێ و چەند تێی دەگات، ئێمە وەکو تێپی شـــانۆی ئەزمونگەری لەم کارە و لەسەرجەم کارەکانماندا ئەوەندەی پێمان وایە شانۆ هەڵگری گوتارێکی ئیستاتیکیە..پێمان وانییە شانۆ هەڵگری گوتارێکی سیاســـی یـــان کۆمەڵایەتی یان ئابووری یان هەرشـــتێکی ترە، ئەگەر هـــەر گوتارێك لەمانە هاتە ناوەوە دەکرێت، بەڵام بەمەرجێك هیچ لە بەهای گوتارە ئیستاتیکیەکە کەم نەکاتەوە و گرنگیەکی ئەوتۆشی پێنەدرێت.

**بانتۆ مایمی (سەگ و دەف) و (گریمانی یاد).**

(گریمانـــی یـــاد) بۆخـــۆی خوێندنەوەیەکی بەرفـــراوان و وردبوونەوەیەکی قوڵی دەوێت و تێگەیشـــتنی بینەر لێی هەروا ئاســـان نییە، نەك تەنها بینەر رەنگە هەندێك لە شانۆکارەکانیش ئەم دەســـتەواژەیەیان بەلاوە نامۆ بێـت، چونکە کەم ترین کات باســـی لێوەدەکرێت و لە کەمترین نمایشیشدا بە کار دەهێنرێت، بۆ نمونە لەو دیمەنەی کە فریاد داوای ســـەما لە دیدار دەکات و دیدار ڕازی نییە ســـەمای لەگەڵ بکات، دیمەنی دوای ئەوە هیچ پەیوەندی بە دیمەنی ســـەماکەوە نییە. دوو دیمەن دوای ئەوە ئینجا پەیوەندی بە سەماکەوە هەیە، کە دواتریش دەبێت بە کەشێکی سرووت ئامێز و زکری دەروێشیانەی رۆژهەڵاتی تێدا دەکرێت، کە ئارتۆ پێی وایە شانۆ پێکهاتەیەکە لە جولە و سەماو



سرووت لەسەردەمی ڕێنسانسدا ڕووی لە دارمان کردووە، یان دیمەنی تاقیگەکەی شکۆ کە دیدار دەیسووتێنێت جارێکی تر پاش و پێش خرابوون، یان دیمەنی هەردی و کارگەر ..هتد، لێرەدا یان لە (گریمانی یاد)دا کاری بینەر ڕێکخستنەوە و مۆنتاژ کردنەوەی دیمەنەکانە لە فکری خۆیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی گلەیی و نارەزایی لەلای بەشێك لە بینەران و شانۆکارانیش، چونکە ئەوان ئەو تێگەیشتنەیان نییە و دەڵێن "ئەم شانۆیە هیچی پێنەبەخشین" هیچی پێنەبەخشین بەو مانایەی کە باسی کێشەیەکی بۆنەکردین و نەیگەیاندین بە هیچ ئامانجێك، پێویستە ئەوان ئەوە بزانن کە شانۆ ئامانج و مەبەست نییە تا بمانگەیەنێت بە شوێنێك یان شتێك، بەڵکو وەسیلەیە بۆ لە قاڵبدانەوەی دووبارەی ژیان و بنیاتنانەوەی زیندەگی، لەم میانەشدا گرۆتۆفسکی کاتێك پیتەر بروك داوەتی دەکات لە دانیشتنێکدا ئەوە ڕادەگەیەنێت کە "شانۆ ئامانج نییە. بەڵکو ڕێگایەکە و ئێمەش پێیدا دەڕۆین".

**سەگ و دەف دەکرا بە ئاخاوتن بکرێت؟**

جگە لەوەی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك زیاتر گرنگی بە گوتاری جەستە دەدات، ئارتۆش دژی هەموو جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی و سەربەخۆیە، بەڵام ئارتۆ دوای چەند دید و بۆچوونێکی پێچەوانە لەسەر گرنگی دەق، سەرەنجام گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئاخاوتن یەکێکە لە هۆکارەکانی شانۆ، بەڵام هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی نیە، کەواتە دەکرێت بە شێوەیەکی سوك مامەڵە لەگەڵ دەق بکرێت، چونکە لە شانۆکەی ئارتۆدا دەرهێنەر لەسەرووی نووسەر و نمایش و دەقەوەیە، هەرچەندە ئارتۆ خۆی لە کاتی ئیشکردن پەنای بۆ دەقە گەورە و بەناوبانگەکان بردووە، بەڵام دەڵێت "ئەو کارانەی کە پشت بە دەقێکی نووسراو نابەستێت، دواجار دەبێت هێڵکارییەکی زانستی هونەری پاڵپشتی لێبکات"، نیهاد جامی لە بانتۆمایمی (سەگ و دەف)دا تەواو کاری لەسەر ئەم وتەیەی ئارتۆ کردبوو، چونکە دەقێکی نووسراوی نەهێنا کاری لەسەر بکەین تەنها کۆمەڵێك هێڵکاری زانستیانەبوو کە بوو بە نمایشێکی هونەری، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئارتۆ بەتەواوی زمان ڕەت ناکاتەوە، بەڵام دەکرێت لە شانۆیەکی سرووت ئامێز و سەما ئامێزدا زمان هیچ بەهایەکی نەمێنێت، کەواتە دەکرێ و کرا (سەگ و دەف) بانتۆمایم بێت بەپێی ئەزموونەکانی شانۆی توندوتیژی ئەنتوان ئارتۆ.

بانتۆمایمی (سەگ و دەف) و گرنگی دان بە بینەر.

بەشێکی زۆر لە بینەران پێیان وابوو کە گرنگی بەوان نەدرابوو بەهۆی ئاڵۆزی بابەتەکە و نەبوونی ئاخاوتن، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم تەنها تێکەڵکردنی بینەر بە شوێنی نمایش گرنگی دان بوو بەوان، ئێمە بینەرمان کردبووە بەشێك لە خۆمان، شوێنی بینەر و ئەکتەر یەك ئاست بوو لەرووی بەرزی و ڕووناکی و تەنانەت جۆری وەستانیشەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك پێیان وایە گرنگی بەوان نەدراوە، بەڵام ئەوان هەست بەوە ناکەن کاتێك دەچنە شانۆیەکی هۆڵ لای ئەوان تاریکە و لای ئەکتەر ڕووناك. لای ئەوان نزمە و لای ئەکتەر بەرز. ئەوان تەنها دەبێ دانیشن و ئەکتەر ئازادی تەواوی هەیە. ئەم گلەیی و گازەندەیە پێش ئەوەی ڕووبەڕووی ئێمە بێتەوە ڕووبەڕووی ئارتۆ بووەتەوە، بۆیە ئاساییە کە ئێمە لەسەر تیۆرەکانی ئەو کار بکەین ڕووبەڕوومان بێتەوە، ئێمە (سەگ و دەف) مان وەك ئەوە کرد کە ئارتۆ دەیەوێت، چونکە ئەوەی بۆ ئارتۆ پێش هات بەهەمان شێوە بۆ ئێمەش پێش هات، بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیەم ئەوەیە کە هەندێك لە ڕەخنەگران لەو باوەڕەدابوون کە ئارتۆ لە تیۆرەکانیدا گرنگی بەخەڵك نەداوە، بەواتایەکی تر لەو باوەڕەدا بوون کە ئارتۆ لە واقعی ژیانی خەڵکی بێئاگایە و بەبێ گرنگی دان بەو واقعە، دەیەوێت شانۆ وەکو ئاهەنگێکی هەمەگیر سەرجەم بینەران و ئەکتەران ئاوێتەی سرووتێکی ئەفسوونی بکات. بەڵام دەبێ بزانین کە بۆ گۆڕینی شانۆ لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، پێویستە بینەران بگۆڕێن، بەڵام بینەران زۆر درەنگ لە مانای داخوازییەکانی شانۆی توندوتیژ تێدەگەن و زۆر بەخاوی بۆ ئەو مەبەستە ڕێگە دەبڕن، ئارتۆ دەیەوێت بە هۆی توندوتیژییەوە ئەو بینەرە سادەیە ببزوێنێت و سەرجەم داب و نەریتەکان و خوەکانی تێکبشکێنێت، لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدا بوو کە پاش تێپەڕینی کات و سەردەم، بینەران ئەو نمایشانە پەسەند دەکەن، ئێمەش بەهەمان شێوە چاوەڕوانی بینەر ناکەین، ئەوە بینەران خۆیانن دەزانن دوای تێپەڕبوونی چەنێ کات نمایشەکە پەسەند دەکەن، یاخود باشتر بڵێم لێی تێدەگەن، کەواتە نە شانۆی توندوتیژی ئارتۆ و نە تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك و نمایشی (سەگ و دەف) بینەری لەیاد نەکردووە، بەڵکو دەمانەوێت شانۆ بە شێوەیەکی ئەفسونی و جادوگەرانە کار بکات، نەکو پاشکۆی واقع و ژیانی خەڵك بێت، چونکە هەر ئەو شانۆیەش دەتوانێت بینەرانی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

تێبینی: ئەم شانۆگەریە لەبنەڕەتدا ناونرا بوو (پرۆژەی یەکەم بۆ شانۆی توند و تیژیی) وەك هەر ئەزمونێکیتری تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك بەیەکێك لە ئەزمونەکانی شانۆی پاش تازەگەری دادەنرێت.

# شانۆی پاش تازەگەری

**نیهاد جامی**

پرسیارکردن لەشانۆی پاش تازەگەری، بەمانای وەستاندنی شانۆیەکە لەناو تازەگەریدا، ئەوەی لەشانۆدا پێی دەووترا تازەگەری، بەمانا فەلسەفیەکەی پرۆژەیەکی ناتەواو نیە، بەڵکو پرۆژەیەکی تەواو بووە، پرۆژەیەکە پێویستی بە قۆناغێکی نوێ هەیە، شانۆی تازەگەری خۆی لەسەر دەیالۆگ بنیاتنا، شانۆی نوسەر بوو، ئەکتەر و دەرهێنەر لەرێگەی نوسەرەوە بەرەو شانۆ هەنگاویان نا، کەچی پاش تازەگەری شانۆ لەنوسەر دەسەنێتەوە، بەو سەندنەوەیە پرۆسەی نوسین دەگۆڕێت بۆ کردەی دەرهێنان، ئەو گۆڕینە شانۆ لەدەیالۆگەوە دەباتە سەر جولە، بەمانای گۆڕان لەجەوهەردا کودەتایەکی زمانەوانیە، بەوەی جەستە دەبێتە زمانی شانۆ، ئەوە ڕزگارکردنی شانۆیە لە ئەدەب و بنیاتنانەوەیەتی لەناو شانۆ خۆی، سڕینەوەی دەق نیە، بەڵکو دەق وەك سێکێج و ئەکسیۆنێك دەمێنێتەوە، بەمانای دەق وەك پرۆسەیەکی ئەدەبی نانوسرێت، بەڵکو ئەکسیۆنێکە بۆ ئەوەی لەرێگەی جەستەوە مەشق و خەیاڵبردنەوەی دروست کردنی وێنە بنیاتی بنێتەوە، هاوکێشەیەك نیە وامان لێ بکات، خۆمان بدەینە دەست دەقەوە، ئەو هێلی کارکردنەمان بۆ دەست نیشان بکات، بەڵکو دەق زەمینەیەکی لەکار کەوتووە، بۆئەوە دەنووسرێتەوە تا یادەوەریمان بە ئاگا بێنێتەوە، بەوەی ئێمە چۆن بچینە ناو مەملەکەتی ڕەنگی شانۆ، شانۆ بەتەنیا لەو ڕێگەیەوە لە ئەدەبەوە بەرەو شانۆ نایەتەوە، بەڵکو چەندە شانۆیەکی فۆرمالیستیە، بەڵام شانۆیەکە لەناو زانستەکاندا بیر دەکاتەوە، کێشەی کولتوری بە کێشەی سەرەکی شانۆ دەبینێت، ئەگەر شانۆی نەتەوەیی بەشێك بێت لەناو شانۆی تازەگەری، بەو پێیەی کە نەتەوە بەرهەمی تازەگەریە، ئەو شانۆیەش کێشەی کەلەپور بەکێشەی سەرەکی شانۆ بزانێت، ئەوا شانۆی پاش تازەگەری ئەوەی بەلایەوە کێشەی خۆیەتی کەلەپور نیە، بەڵکو کولتورە. سێنتەر لەو شانۆیەدا هەڵوەشاوەتەوە، بینەر لەپرۆسەی بینین لەبەردەم گوتارێکی بەدوا یەك هاتوو دانەنیشتووە، بەڵکو ئەو لەبەردەم کۆمەڵە بونیادێکی لێکترازاوە کە توانای خستنەوە سەر هێلێکی بەدوا یەکیان نیە، بەپێی زەمەنی کرنۆلۆژی، بەڵکو زەمەنی فەلسەفی سێنتەری گوتاری هەڵوەشاندۆتەوە، ڕێکخستنەوەی بونیادەکانی وێنە دەبێ لەلای بینەر بگەیەنرێتەوە یەك، وێنەی شانۆیی سێنتەرێکی نیە بۆ کۆبوونەوە، وێنە لەو ئەزمونەدا خاوەنی کۆمەڵە دەلالەتێکی بەرهەم هێنراوە، کە



توانای خوڵقاندنـــەوەو دەلالەتی جیاوازی هەیە، چونکە ئەکتەر ڕۆڵــی نێرەرێك دەبینێــت، کە کۆد ئاراســتەی بینین دەکات، بەپێچەوانەی شــانۆی تازەگەری کە ئەکتەر دەنگی نوسراوی نوسەری بەرجەستە دەکرد، بۆیە کاتێ دەق دێتە ناو ئەو پرۆسەیە، هاتنی دەنگی نوسەر نیە، بەڵکو ئەو دەنگە دەبێتە ئاماژەیەکی نێو یادەوەری وێنە. دەق توانایەکی ئەوتۆی نیە کە زیندەگی بە شــانۆ ببەخشــێت، ئەوە وێنەیە لەڕێگەی ئەکتــەر و جولەی پەیوەندیەکانی بینین زیندەگی بەشــانۆ دەبەخشــێت، بۆیە ئەو شــانۆیە پرۆژەیەکە کەبیرکردنەوە دەردەکات لەناو بیرکردنەوە لەو سیستمە ڕێکخەرەی دەق، بەڵکو ئەو سیستمە هەڵدەوەشێنرێتەوە، لەناو کۆمەڵە ئاماژەیەکەوە وێنە ســەر لەنوێ بەشێوەی جیاواز شانۆ دەخوێنێتەوە، خوێندنەوە توانای بەرجەستە کردنی چەمکی ووشەی هەیە، چەمك ووشە لە گوتراو دەگۆڕێتە سەر پانتایی، ئەو کاتەی لەســەر ئەو تێگەیشــتنە کارمان کرد بڕوامان بەوە نابێت، کە لەووشــەی نوســراو نزیك بکەوینەوە، ئەوە وامان لێ دەکات بڕوا بەو ووتەیەی شــانۆکاری ئیتاڵی (کارمیلۆ بینی) بێنین کە ووتی "ووشــەی نوســراو زەنگی مەرگە بۆ ووشەی دەربڕاو، وەلابردنێکی هەمیشــەییە بۆ هەموو ئەوانەی لەناوەوە دان"(١) بەمانای ووشەی نوسراو تێگەیشتنێکی ڕەهای هەیە، توانای بەزاندنی نیە، هەموو ئەوانەش فڕێدەدات کە لەناوەوەی جەســتە ماوەتەوە، ئەو کاتانەی متمانە نەکرێتە ســەر ووشەی نوســراو، بەڵکو پشت بە چەمکی ووشــە ببەسترێت، بەمانای سنورێکی فراوانتر بە دەربڕین ببەخشرێت، کە چەمك لەڕێگەی جولەوە گوزارشت لەمانا شــیعریەکانی ووشە دەکات، مانا لەو ســیاقەدا خوڵقاندنی شــیعریەتی شوێنە، شــیعریەتی شوێن ڕووبەرێکی نوێیــە بۆ خوڵقاندنەوەی ماناکانی پانتایی، بەوەی ئەوە بەرجەســتە کردنی ووشەی نوســراوی نوسەر نیە پانتایی بەرهــەم دێنێتەوە، بەڵکو (بێدەنگی) و (تاریکی) دوو بونیادی ئەکتیڤی نێو پانتاین، بە ڕادەی ئەوەی بێدەنگی دەبێتەوە دەنگێك بۆ ئاراستە کردنی ئاماژەکانی جولە و تاریکیش ڕووبەرێکە بۆ خوێندنەوەی پانتایی، ئەوانەش ستراتیژی سەرەکی شانۆن، وەك چۆن پیتەر بروك بەخاڵی ســەرەکی شــانۆی دادەنێت، بەوەی بوونی پانتایەکی بۆش ناو دەنێت بە شانۆ، هەر ئەوەشە بەلایەوە کە لەکاری شانۆیی داوای دەکەین. ئەو هەوڵەی توانای دەرباز بوونی هەیە لە دەق، دەرباز بوون بەمانای سڕینەوە نا، بەڵکو بەو مەبەستەی کە چۆن دەق بەپێی تێگەیشتنی نوسەر ناخەینە ناو ئەو پانتاییەوە، هێندەی بەپێی روئیای شــانۆکار بۆ پەیوەندی نێــوان دەق و کولتــور ســەیری گرفتــەکان دەکات، ئەوەش لەدایکبونەوەیەکــی نوێیە بۆ دەق، هەوڵێکــە بۆ دەرباز بوونی ســتاڤی کار لە دەست دەســەڵاتی دەق و لە هەمان کاتیشدا نە کوشتنی زمانی نێو دەقە، ئەو دەقەش پەیوەندی بە زمانی کراوە هەیــە، زمانی داخراو لەناو زەمەنێك دەژیێت توانای ئەوەی نیە دەق دنیایەکی نوێ و لەدایکبونێکی جیاواز بێنێتە بوون. زمانی کراوە توانای بەرهەم هێنانەوەی مانای تری هەیە، ئەو کاتانەی لەسەر پەیوەندی دەق و کولتور کار دەکات، کولتور لەو شانۆیەدا لەناو ئەنترۆپۆلۆژیا زانســتێکی شــانۆیی بەرهەم دێنێت، کە ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆیە، ئیشکردنەوەیەکی تیۆری ڕووت نیە، بەڵکو ئیشــکردنەوەیە لەســەر چەمکی ســرووت و پەیوەندی جەســتەی مرۆڤەکان بە یەکتریەوە لەناو وێنە شانۆییەکە. جولە کە بەشــێکی زۆری سرووت لەسەر جولەکانی سەما پێك دێت، هەڵگری گوتارێکی کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینیە، گۆڕینی ئــەو گوتارە بۆ دەلالەتی جیاواز پەیوەســتە بە تێکشــکاندنی چەمکی باو لە گوتاردا، بەوەش ســرووتی شــانۆیی سرووتە کۆمەڵایەتیەکــە بەتــەواوی دەگۆڕێتە ســەر پانتاییەکی تر کەپانتایی جولە و ســەما و بونیادە دەلالیەکانی وێنەیە. لێرەدا جەستە لەشانۆدا جەستەیەك نیە هەڵگری زەمینەیەکی کۆنکرێتی کولتور و دەلالی زمان بێت، بەڵکو ئەو زەمینەیە دەبێتەوە یادەوەری بۆ جەســتە و ئــەو یادەوەریە هــاوکاری دەکات بۆ خوڵقاندنی سرووتی شــانۆیی، بەواتای بونیادی دەلالی زمان و بونیادی کولتوریــی لەئیشــکردنەوەیان لەناو یــادەوەری خۆیان بەرهەم ناهێننەوە، بەڵکو جەستە لەڕێگەی یادەوەریەوە دەیانهێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕەخنەیان ئاراســتە بکات و مانــا کۆنکرێتیەکانی تێك بشــکێنێت. ئەو کاتانەی دەقی ئەدەبی شانۆ درووست ناکات، بەڵکو پرۆســەی بینین دەبێتە زمانی شــانۆ، دەبێ لەسەر دوو ئاست لەشانۆی پاش تازەگەری بوەستین، کە پێکهاتەی زەمەنی فەلسەفی وێنەیە، ئەوانیش (ڕەهەندی چوارەمی وێنە) و(پانتایی لەسرووتی شانۆی بینین) جارێ با لەسەر ئاستی یەکەم بوەستین و بپرسین: ڕەهەندی چوارەمی وێنە چیە؟ بۆ ئەوەی لەو ڕەهەندە تێبگەین، پێویستە ئاستی دووەم کە پانتاییە لە سرووت فەرامۆش نەکەین، چونکە هەردوو ئاســتەکە پەیوەندیەکــی تەواوکەریان بەیەکــەوە هەیە، ڕەهەندی چوارەم بریتیە لە "دیدگای بینین لە پانتایی شانۆیی لە ڕێگای جێگرتنەوەی پراکتیکی و پرۆسەی دەرهێنان و دیدگایی، واتە ئاشکراکردنی نهێنی ئێستا و ئاینده کە دوو دڵیان کردووین، بەڵام ڕابردوو خزمەتی یادەوەری جەستەی

ئەکتەری میتۆلۆژی دەکات، کە بە پێویست پابەست دەبێتەوە بە ئێستا"(٢) بە مانای **ڕەهەندی چوارەم بەرەنجامی ئامادەبوونی جەستەیە لە پانتاییدا، داڕشتنەوەی جەستە و نوسینەوەی بۆشاییە، ڕەهەندی چوارەم فێرمان دەکات دەق لەسەر کاغەز بەقەڵەم نانوسرێتەوە، دەقی بینین لە ڕێگای جەستەوە لە پانتایی دەنوسرێتەوە، ئەوەش نوسینەوەی ڕەهەندی چوارەمی زەمەنە،** ئەو نوسینەوەیە دەمانگەیەنێت بە ئاستی دووەم کە (پانتایی لە سرووتی شانۆی بینین) ە، پەیوەندی نێوان ڕەهەندی چوارەم لەگەڵ پانتایی، خولقاندنی سرووتی بینینە لە ڕەهەندی چوارەمدا، چونکە سرووتی شانۆیی پێکهاتی سەرەکی شانۆیە، سرووت لە پانتایدا شانۆ دەباتە سەر بارگاویکردنی جەستە بە فرە دەلالەتیەوە، ئەوەش حەقیقەتی سرووت و ڕەهەندی چوارەم دەدۆزێتەوە، جیاوازی خۆی لەتەك شانۆی تازەگەری تەرخان دەکات، کە ڕەهەندێکی نوێیە بۆ زەمەن، ڕەهەندێك پێشتر نەمان ناسیووە، کە زەمەنی ئەفرێنەرە، زەمەنی میتافیزیکی نیە، وەك چۆن زەمەنی فەلسەفی ناو دەقیش نیە، نە زەمەنی ئۆدیبە، نە زەمەنی شکسپیر و کارەکتەرەکانی هاملێت و ماکبێسە کە لە ڕێگەی دەیالۆگی کارەکتەر بە زەمەنی فەلسەفی کوشتن و تاوان ئاشنامان دەکات، وەك چۆن زەمەنی بینەریش نیە، وەك چۆن برێخت لە شانۆی داستان خوازیاری بوو، بەڵکو زەمەنی ڕاستەقینەی شانۆیە، زەمەنێکە شانۆ خولقێنەریەتی لەڕێگای دیدگا و بینینەوە، ئەو زەمەنە توانای گۆڕانی هەیە لە بونیادەکانی شانۆ، چونکە بونیادەکان بونیادی ئەدەبی بوون، هونەری نەبوون، ڕەهەندی چوارەمی زەمەن. زەمەنی بینین دەگۆڕێت بۆ زەمەنی ئەفرێنەر، لەڕێگەی گۆڕینی "مانای شوێن، لە دیکۆری ئەندازەیی بۆ سینۆگرافیای پانتایی بینین"(٣) ئەوەش کاریگەری بەسەر ئەزمونی بینینی بینەریش بەجێ دێڵێت، چونکە بینەر لەبەردەم دوو پڕۆسەی ئاوێتە دەمێنێتەوە، کە دەقی بینین و نمایشی بینینە، هەر دوو پڕۆسەکە ئاوێتەی یەکتری دەبن، بەمانای گۆڕانێکی ئەوتۆ لە چەمکی بینەر ڕوو نادات، بەڵام ئەوەی ڕوو دەدات تێکەڵ بونی ئەوە لەناو بینین، نەوەك شانۆ بی بینێت لە تێگەیشتنی ستانسلافسکی و نەوەك شانۆی برێخت هەڵوێستی هەبێت لەبەرامبەر ڕووداوەکان، بەڵکو بینەر بەدوای پڕۆسەی بینین، دەبێت بە کارلێکەرێك بۆ خوێندنەوە، بەمانای بەشێك دەبێتەوە لەناو بینین، ئەوەش ناو دەنێین (بینینی بینەر) بینینێك کە دەرفەت بۆ فرە دەلالەتی خوێندنەوە دەکاتەوە. گۆڕینی هاوکێشە و بەخشینی وەزیفەی نوێ بە چەمکەکان وا دەکات ئەو شانۆیە لە شانۆی وێنەیی جیا بکەینەوە، بەو پێیەی شانۆی وێنەیی جەخت لەسەر هاوکێشەی تایبەت دەکاتەوە، ئەو شانۆیە بڕوای بەو هاوکێشانە نیە. ژاکلین مارتن لە کتێبێکدا باس لەو خاڵە هاوبەشانە دەکات، کە شانۆی پاش تازەگەری و شانۆی وێنەیی (٤) لەیەك نزیك دەکاتەوە، ئەگەر چی ڕێساکانیان بە جیاواز دەبینێت، ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە شانۆی وێنەیی بە کەناڵێك لە شانۆی پاش تازەگەری دادەنرێت، کە بەرهەمی قۆناغی پاش تازەگەریە. هەرچەندە هاوکێشەکانیان بۆ کردەی دەرهێنان تا ڕادەیەکی زۆر جیاوازن، لە شانۆی پاش تازەگەری هاوکێشەکانی (دەرهێنەر+ ئەکتەر+ دەق) یا (دەق+ ئەکتەر+ دەرهێنەر) یا هەر هاوکێشەیەکی تر، یا ئەو هاوکێشە گریمان کراوەی شانۆی وێنەیی (ئەکتەر+ دەرهێنەر+ دەق) بەتەنیا ئەو هاوکێشەیە گۆڕانی تیا ناکرێت، بەڵکو گۆڕان لە چەمکێکی تاکەوە بەرەو چەمکێکی سەراپاگیریی دەچێت، مردنی نوسەر و مردنی دەرهێنەر ڕا دەگەیەنرێت، لە ڕێگەی لەدایکبونی دەقی بینین ونمایشی بینین، نوسەر لە ڕێگەی مردنی دەسەڵاتی ڕەهای نوسین ئاوێتەی ئەو سیستەمە ئاماژە کاریە دەبێت، کە زمان وێنای جیهانی جولە و سەما و پێکهاتەی وێنەیی دەکات، وەك چۆن دەرهێنەریش دەچێتەوە ناو هەمان گریمانەی مردنی نوسەر، دیکتاتۆریەتی دەرهێنەر دەمرێت و لەشوێنیدا مردن دەرهێنەر دەباتە ناو خەون و دیدگای بینین، هەریەکە لە ئەکتەر و بینەر بەدەر نین لەناو گۆڕانکاریەکان، ئەکتەر بەو پێیەی دیدگای شانۆ دیدگای ئەوە، بۆیە ئەو لە ئەکتەرەوە وەك بونیادێك کە دەیالۆگ فرمانی پێ دەکات، مردنی دەیالۆگ لەدایکبونی ڕاستەقینەی ئەکتەرە، لە ڕێگەی گۆڕینی لە کارەکتەرەوە بۆ فیگور، لە ئەکتەرەوە بۆ جەستە، جەستە لەناو پانتایی وێنای وێنە دەکات بۆ ڕەهەندی چوارەم.

لە پراکتیکەوە بۆ خوێندنەوە

ئەم شانۆیە لە بنەرەتدا متمانە دەکاتە سەر شانۆی بانتۆمایم، بەڵام بانتۆمایمێکی جیاواز لەوەی پێناسەمان بۆی هەبووە و کارمان تێیدا کردووە، بەر لەوەی بێینە سەر چۆنیەتی پرۆسەی ناونان و بنیات و تیۆر و ڕوئیای ئەو شانۆیە چیە؟ بە چ شێوەیەك دەتوانین کاری بۆ بکەین؟ تا ئێستاکە چیمان تیایدا ئەنجام داوە؟ سەرەتا لەسەر چەمکی بانتۆمایم دەوەستین، چونکە ئێمە دەمانەوێ لە بانتۆمایمێك بدوێین كە لەراستیدا دەتوانین